لێژنەی باڵای فریاکەوتنی ئاوارەکان چەند بڕیارێکی گرنگ بۆ خێراکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان دەردەکات

وەزارەتی کۆچ وکۆچبەران ئەمڕۆ سێشەممە، ڕایگەیاند کە لێژنەی باڵای فریاکەوتنی ئاوارەکان چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ خێراکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان دەردەکات.

لەبەیاننامەیەکی وەزارەتدا هاتووە :-وەزیری کۆچ وکۆچبەران ئیڤان فایق جابڕو سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای فریاکەوتن و پشتیوانی ئاوارەکانی کرد دانیشتنی ژمارە 175 ئەویش بۆ ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بارەگای وەزارەت لەبەغداد.

بەیاننامەکە تیشکی خستەسەر کۆمەڵێ بابەتێک لەوانە میکانیزمەکانی ئاوارەبوون داخستنی کەمپەکان بەتەواوی لە کۆتایی مانگی تەمموزی داهاتوو.

جگەلەوەش چەندبڕیارێکی دیکە بۆ خێراکردن لەگەڕانەوەی ئاوارەکان وەرگیران وبڕیاریش درا لەسەر بەردەوامبوون لەسەر بەخشینی چوار ملیۆن دینار بەوانەی کە لەکەمپەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەگەڕێنەوە.